## تێزی٣: حامید: چەمکی نوێکرنەوەی ئیسلام خۆی پێویستی بە نوێکردنەوەیەکی نوێ هەیە

ئەگەر من باشی تێبگەم، ئێوە باس لە ناوەڕۆکی مقاصد الشريعه "maqasid al-sharia" و تەجدید "tajdid" دەکەن. مرۆڤ وای بۆ دەچێ، لە ژێر یەکەم چەمکدا دەرگای مێتۆدێکی شێوەناسیی لە پەیوەندی لەگەڵ شەریعەتدا بۆ دەکرێتەوە، کە خۆی پرسیارێکی سەرەکی دادەڕێژێ: لە چ پانتاییەکدا یاسای تایبەتی دەتوانێ هێرش بکاتە سەر ڕۆحی مێژوویی ئیسلامی کە مرۆڤ ئەمڕۆ بتوانێ کەڵکی لێ وەربگری؟ تەجدید بە مانای گشتی نوێکردنەوەیە.

سروشتییە، هەردووك وشەکان بۆ من زۆر ڕوونن و تانانەت ئەو کونسێپتەی لە پشتیشاندا واستاوە؛ بە بڕوای من ئەوانە خۆیان بەشێك لە کێشەکە پێك دێنن. ئەگەر وشەی تەجدید بە وردی لەژێر میکرۆسکۆپدا چاو لێ بکەین دەتوانین بڵێین: ئایا لە ڕاستیدا ئەو وشەیە بۆ مرۆڤ مانای نوێکردنەوە دەدا یاخود بەڕێوەبردنێکی نوێی داب و نەریتی کۆنە؟

ئێوە لە وەڵامەکەتاندا ئارگۆمێنتێکی محەمەدتان هێناوەتەوە، هەر بەوهۆیە من هەوڵ دەدەم ئەو هەڵس و کەوتە ئەرێییەی محەمەد بە گوتەیەکیتری خۆی وەڵام بدەمەوە. ئەو گوتەیەی لە زۆربەی کۆکراوەکانی حەدیسدا هاتووە و لە لایەن زۆربەی عالمانی ئیسلامییەوە بە ڕاست دادەنرێ. محەمەد هەڤاڵانی ئاگادار کردۆتەوە:

"ڕاستی و ئاگادارکردنەوەیەکی ڕاستەقینە (اصدق الحديثaṣdaq al-ḥadith) تەنیا بەهۆی کتێبی خوداوەیە، باشترین هیدایەتکەریشی محەمەدە، خراپترین شتەکانیش نوێکردنەوەیە، هەر نوێکردنەوەیەك (محدثه muhdatha) کوفر (بدعة bid'a)یەکە، هەر کوفرێکیش خۆی هەڵەیەکی فیکرییە و مرۆڤ بەرەو جەهەننەم هیدایەت دەکا".[6]

---

[6] سوره النساء an-Nasāʼ ī 3/188

له جێگایەکیتری حەدیسدا بەو گوتەیەی سەرەوە ئەوەش ئیزافە دەکرێ:

" وەدوای فەرمانەکانی من بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆتان کەون و ئەو فەرمانانەی لە لایەن خەلیفە [جێگر]ەکانی دوای منەوە دەدرێن".[7]

زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوی محەمەد نەیویستووە وەچەکانی داهاتووی ئیسلام هەرکام ڕێگای خۆیان بگرن. بە پێچەوانە ئەو ویستویە چلۆنایەتیی ژیانی خۆی وەك سیمبولێکی جیهانی ئیسلامی و میراتێك بۆ وەچەی داهاتوو لە خۆی بەجێ بێڵێ. وشەی "hadatha" (حداثة=مودێڕن) لە وشەی muhdatha (محدثة)ەوە سەرچاوە دەگرێ و بە مانای نوێکردنەوەیە. لەبەر ئەوەی چەمکی نوێکردنەوە لەو حەدیسەی سەرەوەدا تف و لەعنەتی لێ دەکرێ، لە دنیای ئیسلامیدا چەمکی "مودێڕن" ئیتر بانگەوازێکی باشی نابێ. چەمکی "ibda’a"(ابداع) بە مانای داهێنان، نوێکاریی یا نقار لە وشەی "bid’a" (بدعة)ەوە وەرگیراوە کە ئەویش خۆی بە مانای لادان لە ئایین و هەڵگەڕانەوەیە. هەر بۆیەش نوێگەری و داهێنان بۆ موسوڵمانان بە کارێکی ئەرێیی و باش لە ئەژمار نایەت. لەو پەیوەندییەدا ئەو پرسیارە دەکرێ: ئایا محەمەد لە ڕاستیدا ویستوویەتی ئازادیی بڕیاردان بە لایەنگرەکانی بدات یا تەنیا پێشبینی پەیامێکی نوێی بۆیە کردووە کە مەبەستی ئەوە بووە پەیامە کۆنەکەی خۆی لە لایەن وەچەی نوێی باوەڕپێکراوانەوە هەموو سەد ساڵ جارێك نوێ بکرێتەوە؟ هەر چۆنێك بێ، شك و گومانی من لەسەر ڕوانگەی ئەو، لە جێی خۆی دەمێنێتەوە.

ئەو کارە زۆر جێی سەرنجە کە ئێوە زیادە لە هەموو کەس ئەلغەزالی بۆ نوێکاریی بە نموونە دێننەوە. سەلەفییەکان خۆیان بە ئەلغەزالی یەوە هەڵنەواسیوە بەهۆی سیمبولی نوێکردنەوە بوونی، بەڵکوو وەك هەڵگری داب و نەریت، لە کارەکەی بە ناوی "ژیانەوەی ئایینی زانستی" کەڵك وەردەگرن و پەیتا پەیتا گوتەی لێ دەخوێننەوە و ئارگۆمینتی لێ دێننەوە. تەنانەت ناوی کتێبەکەی "Iḥyā ulūm ad-dīn" "(احياء العلوم الدين) سەر لە

[7] Musnad Ahmad ibn Hanbal: Hadith 16695

مرۆڤ دەشێوێنێ، چونکە علوم الدين ulūm ad-dīn ی ئەو مەبەست ئەو زانستە نییە کە بە مەبەستی پشت ڕاستکردنەوە و بە لاڕێدابردن مانا بکرێتەوە، لێرەدا بە مانای ژیانەوەی دوبارەی زانیاری ئایینە کۆنەکەیە.

ئەوەی کە لێرەدا بۆچوونی ئەو، بۆ من و (ڕەنگە بۆ ئێوەش) مەبەست بیرکردنەوەیەکی ڕەخناوی و پرسیار داڕشتن لە هەنبەر ئایینەکە نییە، خۆی لەوەدا نیشان دەدا کە غەزالی دژ بە فیلەسۆفانی ئیسلامی سەردەمی خۆی ڕاوەستاوە، چونکە ئەوان بەردەوام هەوڵیان داوە فەلسەفە و بیرکردنەوەی عەقڵانی فیلەسۆفانی یۆنانی ئاوێتەی بیر و بۆچونی ئیسلامی بکەن. ئەلغەزالی ناوی ئەو فەلسەفە عەقڵانییەی "لادەر لە ڕێگا" نابوو و ناڕەزایەتی و بەربەرەکانی خۆی لە هەنبەر ئەو چەشنە بیرە فەلسەفییە ڕەنگاڵەی نووسراوەکانی کردوە کە تا ئەمڕۆش ئارگۆمینتی سەلەفییەکانی وەك پێخۆر بۆ ئامادە کردوون کە گۆیا بیرکردنەوەی ڕەخناوی مەترسییەکی مەزنە لە هەنبەر ئایین.

تەنانەت دوای مردنی ئەلغەزالیش نووسراوە سەیر و سەمەرەکانی سەبارەت بە فەیلەسۆفان، ئاکامێکی کوشەندەی بۆ بیرمەندانی ئازاد لە خۆی بەجێ هێشت. نوێخوازی ڕاستەقینەی وەك ابن ڕەشید "Averroës" (١١٩٨ ـ ١١٢٦) بە هۆی ئارگۆمێنتەکانی جەنابی ئەلغەزالی بە کافر دانرا و لە ئەندەلۆس وەدەر نرا. کتێب و نووسراوەکانی، لە ناو ئەواندا دایرەالمعارف پزیشکی و ژمارێکی زۆر نووسراوە لەسەر کارەکانی ئەرەستو لە شاری کوردۆبا "Córdoba"(قرطبه) سووتێنران. ابن ڕەشید هەوڵی داوە ئایین بە ئاوێتەکردن و گرێدانی عەقڵانی بوون، زانست و فەلسەفە بڕازێنێتەوە، بەڵام بە ڕێگای هەڵە ناسێنراون و بە پێچەوانە کتێبەکانی ئەلغەزالی کە لەوێدا ئایین بە پێوەری هەموو کارێکی ژیان لە ئەژمار دێ، تا ئەمڕۆش لە قوتابخانە و زانستگاکاندا دەرس دەگوترێنەوە. ئەگەر ئەو کارانە بە نوێخوازی دابنرێن، ئیتر نازانم ناوی دواکەوتوویی دەبێ چی بێ!

لێرەدا دەبێ بڵێم کەسێکیتریش بە ناوی نوێخواز لە مێژووی ئیسلامدا ناسراوە کە لە لایەن زۆربەی عالمانی ئیسلامییەوە دەسەلمێندرێ: "محەمەد

ابن عەبدولوەهاب". بەڵێ، محەمەد ابن عەبدولوەهاب وەك پێكهێنەری ئایینی وەهابی لە عەرەبستانی سعوودیا یەك لە ڕادیكاڵترین ڕوانگەكانی ئیسلامییە. ئەو مرۆڤە لە لەیان زۆربەی عالمانەوە بە موجەدەد "mujadded" یاخود نوێگەر دەناسرێ؛ لە ڕاستیدا كارێكی هیچ و پووچ: هاوكات لەگەڵ ئەوەی لە ئورووپا  و لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەدا لەسەر بیر و بۆچوونەكانی كانت "Kant"، سپینۆزا "Spinoza"، مۆنتێسكیۆ "Montesquieu" و جان لاك "John Locke" باس و گفت و گۆ دەكرا، محەمەد ابن عەبدول وەهاب لە عەرەبستانی ئەوڕۆییدا خۆی بەوەوە خەریك كردبوو گۆڕستانی سۆفیەكان لەناو بەرێ و چالاكی نیزامی دژ بە شیعەكان وەڕێ بخات. تێگەیشتوویی ئەو مرۆڤە لە نوێخوازی ئایینی ئەوە بووە ئیسلام لە نائیسلامییەكان خاوێن بكاتەوە و باوەڕپێكراوان هان بدا بەرەو گوتەكانی قورئان و چلۆنەیەتی ژیانی پێغەمبەر وەك نموونەیەكی دیاریكراو، هەڵگەڕێنێتەوە.

هەروەها "حەسەن البەننا"، پێكهێنەر و یەكەم مرۆڤ و پێشەوای ڕۆحانی ئایینیی برایانی موسوڵمان [اخوان المسلمین] و دایكی هەموو ترۆڕیستێكی مودێرنی ئیسلامی لە لایەن زۆربەی عالمانەوە بە نوێخواز دەناسرێ!

ئەگەر هەموو ئەو ڕووداوانە بە وردی سەیر بكەین، ڕوون دەبێتەوە، كە موسوڵمانان نەك هەر لە ڕوانگەی بیركردنەوە دەبێ نوێسازی پێك بێنن، بەڵكوو دەبێ گۆڕانكاری بەسەر تێگەیشتن لە چەمكی نوێ سازی دا بێنن و ئەویش نوێ بكەنەوە. ئەو چەشنە كونسێپتە كۆن و پووچەڵكراو و فیگوورە سەیروسەمەرە ئایینیانە ناتوانن ببنە نموونەیەكی جیددی بۆ مرۆڤی موسوڵمان و ناتوانن هیچ یارمەتیەك یاخود خزمەتێك بە ڕێفۆرم بكەن. بە پێچەوانە، ئیسلام، تێكست و عالمەكانی زیاتر لە چەند سەدەیە پشتێندێكی تەنگیان لە بیر و مێشك و كردەوەی مرۆڤ هاڵاندووە و لەو ڕێگەیەوە مەیدانێكی بەرتەسك و كەمیان بۆ بیركردنەوە و بڕیاردانی موسوڵمانان هێشتۆتەوە.

ئەو شتە ناوی نوێسازی لەسەر دانانرێ ئەگەر ئێمە ئەو پشتێندە کەمێك شل بکەینەوە. ئێمە دەبێ مرۆڤ بێنینە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەو پشتێندە لە دەوری مێشکیان بکەنەوە. ئەگەر ماشێنێك کۆن بووبێت، تورموزەکانی ئیتر کار نەکەن و هەموو ڕۆژێك مەترسی لەسەر شەقامەکان دروست بکات، ئەوە ناوی ڕیفۆرم نابێ ئەگەر بە ڕەنگێکی جوان و ڕەنگین نەققاشی بکرێت. ئێمە دەبێ تورموزەکانی چاك بکەینەوە و فێری شۆفیرەکەی بکەین کە ئەو تەنیا مرۆڤی سەر ئەو شەقامە نییە و دەبێ بەرپرسایەتی لە هەنبەر گیانی خوی و مرۆڤەکانیتری سەر شەقامەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی و مەترسی پێك نەهێنێت.

ئەگەر بتوانرێ بەرپرسایەتییەکی ئەوتۆ فێری باوەڕپێکراوانی ئایینی بکرێ، کارێکی زۆر مەزن کراوە. سروشتییە بە کارێکی ئەوتۆ شەپۆلێکی بەربەرەکانی و دژایەتی لە نێوان باوەڕپێکراوان لە لایەکەوە و عالمانی ئایینی، بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی وڵاتە ئیسلامییەکان لە لایەکیترەوە پێکدێ. بەڵام بەداخەوە بەو شێوەیەی ئەزموونی بەهاری عەرەبیمان بینی، بۆ سەرکەوتوویی لەو کارەدا پێویست بە پشتیوانیکردنی ئەو عالمە ئایینیانە هەیە کە بیانەوێ بیسەلمێنن مەبەستیان نوێسازییەکی جیددی و ڕاستەقینەیە. ڕاست ئەو شتە من لە وڵاتانی ئیسلامی نابینم. لە خۆم دەپرسم، ئایا زۆرینەی موسوڵمانان ئامادەن ئەو هەنگاوە مەزنە هەڵێننەوە؟

ئیزنم بدە، لە هەڵس و کەوتێکی ڕۆژانەی خۆم نموونەیەك بگێڕمەوە: من لەم دواییانەدا زۆر جار بە فڕۆکە سەفەر دەکەم. ماوەیەکە هەموو جارێك پێش هەڵفڕین، میواندارەکانی ناو فڕۆکەکە داوا لە موسافیران دەکەن ئەگەر تەلەفۆنی گالاکسی ٧ "Galaxy 7"ی شەریکەی سامسۆن یان پێیە، تکایە تا کۆتایی سەفەرەکە تەحویلی میواندارەکانی بدەن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کارخانەی سامسۆن لەو وەچە تەلەفۆنەدا هەڵەی تێکنیکیان کردووە و تا ئێستا چەند جارێك ڕووی داوە کە باتری تەلەفۆنەکە لەخۆوە ئاگری گرتووە. کارخانەی سامسۆن هەڵوێستی لە خۆی نیشان داوە و بەهۆی ئەو چەند جار ڕوویداوە کە ڕەنگە لە سەرانسەری جیهان زیاتر لە پەنجا نموونە نەبووبێت، بە تێکڕایی ئەو مودێلە تەلەفۆنەی لە بازاڕدا کۆ کردۆتەوە و دیارە لایەنی

ماڵییەکەشی بۆ کڕیارەکانی قەرەبوو کردۆتەوە. ئەو کەسانەی هێشتا کەرەسەکەیان نەداوەتەوە بە کارخانەی سامسۆن، بە بێ هیچ کێشە یاخود بەرگرییەك هاوکاریی میواندارەکان دەکەن، بە بێ ئەوەی پێیان ناخۆش بێ یا بە سووکایەتی بە کەسایەتی خۆیانی دابنێن، چونکە دەزانن تەلەفۆنەکەیان دەتوانێ مەترسی پێك بێنێ.

هەر کارخانەیەك بەرهەمێك بێنێتە ناو بازاڕەوە و دواتر ڕوون بێتەوە کە بەرهەمەکە هەڵەی تێدایە یا مەترسی بۆ سلامەتی مرۆڤ پێك دێنێ، بە بێ کێشە کۆی دەکەنەوە و هەوڵی دۆزینەوە و لابردنی هەڵەکە دەدەن و تەنانەت داوای لێبووردن لە مرۆڤ دەکەن. تەنیا کارخانەی ئیسلام ئەو کارە ناکا! هەرچەند زیاتر بە ناوی ئیسلام هەڵە کراوە، ئەو هەموو قوربانییەی لەو ڕێگایە دراوە، بەو ڕادەیەش زیاتر وایان لە خەڵکی تێگەیاندووە کە ئەو کارانە باشترین پاداشن کە خودا بۆ مرۆڤی بە دیاری ناردوون.

ئەوی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە: لە جیاتی دیتن یا هەستکردن بە هەڵە و لاوازیی و هەوڵی چارەسەرکردنی، هەموو شتێک بۆ ئەو کارە بە بەرپرس دادەنرێ جگە لە ئیسلام و موسوڵمانان! تا ئەو کاتەی عالم و بەرپرسە ئایینیەکانی ئەمڕۆیی و پێشەوای ئایینیی وڵاتە ئیسلامییەکان هەست بەو کێشەیە نەکەن و لەجێگەی پشتیوانیی لە مرۆڤی ناو کۆمەڵگاکان دژ بەوان کاری نامرۆڤانە بکەن، کێشەکە کێشەیەکی ئایینی ئیسلام دەمێنێتەوە.

بەو هۆیانەوە موهانادی خۆشەویست من هیچ ڕێگایەکیترم بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی بە ئێوە و عالمانی ئەمڕۆیی دنیای ئیسلام بڵێم: لۆریی ئیسلام زۆر زۆر قورسە، بارێکی یەکجار زۆری داب ونەریتی کۆنی نەگۆڕ لەسەری قەڵاپەچین بووە کە بۆتە هۆی تێکدانی بالانس ڕاگرتنی لۆرییەکە. تورموزەکانی لەمێژە خراپ بوون و کار ناکەن و شۆفیرەکەشی پێی وایە ماشێنەکەی بێ هەڵەیە و هیچ کێشەیەکی نییە. ئێمە دەبێ ئیتر دەست لەوە هەڵبگرین لایەنگری لەو ماشێنە بارییە بکەین، بەڵکوو دەبێ ئەو مەترسیە بناسین کە دەتوانێ لە لایەن ئەوەوە پێك بێ. لێرەدا ئەو کێشەیە تەنیا لێک

تێنەگەیشتن یاخود بۆچوونێکی هەڵە نییە. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بە سەر و گوێلاکی ئەو ماشێنە دا بێ و بڕێك ڕێک وپێکی بکاتەوە بۆ وێنە، وەك بەرانبەردانانی ژن و پیاو، هێشتا هەڵەیەکی گەلێك زۆری سیستەمەکە دەمێننەوە و کێشەیتریش دروست دەبێ: تەنانەت ئەگەر محەمەد لە ڕاستیدا خۆی بیری لە نوێ سازییەکی ئەوتۆ کردبێتەوە، ئەو شتەی من باوەڕم پێی نییە، وادیارە عالمان و بەرپرسانی ئایینی دوای ئەو، لێی تێ نەگەییشتوون. بە وشە و کردەوە، نووسراوەکانی ناو قوڕئان و هەڵس و کەوتی پێغەمبەریان وەك پشتێندێکی قورس و قایم لە دەوری خۆیان و موسوڵمانان هاڵاندووە، بە شێوەیەك کە لە زەلکاوێك چەقیون و ڕێی دەربازبوونیان لێ براوە.

درێژەی هەیە ...